دەستەی کشتاسی پێشبینی کشوهەوای بۆ ڕۆژانی داهاتوو بڵاوکردەوە

دەستەی کشتاسی ئەمڕۆ شەممە، پێشبینی کشوهەوای بۆ ڕۆژانی داهاتوو ڕاگەیاند و پێشبینی کشوهەوای گەرم و بەرزبوونەوەی تەز و خۆڵبارینی کرد.

ڕاڵە بەیاننامەیەکی دەستەکەدا هاتووە : سبەی یەکشەممە کش و هەوا ساماڵ دەبێت لەگەڵ هەندەك هەور لە ناوچەکانی باشوور، هەروەها پلەکانی گەرما لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باکوور هاوشێوە دەبن، لە ناوچەکانی باشووریش کەمەك بەرز دەبنەوە، ئاماژە بۆ کراوە کە بەرزترین پلەکانی گەرما بۆ سبەی یەکشەممە بۆم شۆنین: بەغدا، کەربەلا، بابل و سەڵاحەدین 47، نینەوا و هەولێر 43، میسان و بەسرە 50.

ڕۆژی دووشەممە کش و هەوا ساماڵ و گەرم دەبێت لەگەڵ هەندەك هەور لە ناوچەی باکور، هەروەها پلەکانی گەرما هاوشێوەی ڕۆژی پێشوو دەبن.

کشوهەوای ڕۆژی سێشەممە ساماڵ دەبێت لەگەڵ بەرزبوونەوەی تەز وخۆڵ، پلەکانی گەرماش چەند پلەیەك دادەبەزن، هەروەها بینینی ئاسۆیی (8-6) کم و (4-2) کم لە خۆڵدا دەبێت.

ڕۆژی چوارشەممەی داهاتوو کش و هەوا ساماڵ دەبێت لەگەڵ خۆڵکی سووك، هەروەها پلەکانی گەرما کەمەك بەرز دەبنەوە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و باکور و هاوشێوەی دۆڵەری باشووری وڵات دەبێت،

هەروەها بینینی ئاسیی (6-8) کم و لە خۆ (3-5) کم دەبێت.